**بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق**

**ژمارەی بڕیار/ ٧**

**ڕۆژی بڕیار/ ٢٠٠٢/٦/٣٠**

**وێنەیەکی تەرجەمەکراوی دەقە عەرەبیەکەیە**

**بڕیار**

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە(١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و لە سەر داوای وەزیری دادو ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی ڕۆژی (٢٠٠٢/٦/٣٠)ی دا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**یەکەم:** حوکمەکانی بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠٠١)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق، هەموو موعامەلەکانی سەر لەنوێ تۆمارکردنەوە(التسجیل المجدد) ی زەوی وزارو خانووبەرە(العقارات)کە لە ڕۆژی (١٩٩١/٣/٥)وە جارییە، دەگرێتەوە، بەڵام ئەو حوکمانە ئەو موعامەلانەی سەرلەنوێ تۆمارکردنەوانە ناگرێتەوە کە بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تۆمار کراون.

**دووەم:** ماوەی تانەلێدان کە دەقەکەی لە بڕگە(أ)ی ماددەی پێنجەمی بڕیاری ژمارە(٧)ی ساڵی (٢٠٠١)دا هاتووە، لە ڕۆژی تەبلیغ کردنی پێوەندیدارەکانەوە دەست پێ دەکات.

**سێیەم:** وەزیری داد بۆی هەیە ڕێنماییگەلێ بۆ سانا کردنی بەرکارخستنی حوکمەکانی بڕیاری ژمارە(٧)ی ساڵی (٢٠٠١) وحوکمەکانی ئەم بڕیارەش دەربهێنێ.

**چوارەم:** هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت، ناخرێتە بەرکار.

**پێنجەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان) دا، دەخرێتە بەرکار.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق**